الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

**فیدراسیونی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی**

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQ REFUGEES-IFIR

# ڕاگەیاندنی فیدراسیۆن لە پەیوەند بە ( ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ )ەوە

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەمڕۆژانە لەبەردەم بیرەوەریەکی گەورەدایە کە بەمافەکانی مرۆڤ ناسراوە . ئاوڕدانەوەیەك لە ڕابردووی ئەم بیرەوەریە، ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەك لەمەوبەر ئەو کات بەشێکی فراوان لەجغرافیای سیاسی جیهان پێ ی لەقۆناغی فیودالیەتدا گیرکردبوو، کە ئەگەر کێشمەکێشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئاڵوگۆڕەکانی بەتایبەت وولاَتانی ئەورووپا لەبەرچاوبگیرێ ئەوا سەرئەنجام بەڕەسمیەت ناسینی جارنامەی مافی مرۆڤی بەدوای خۆیدا هێنا. کەدیارە بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی مرۆڤایەتی دەسکەوتێکی گەورە بوو. بەڵام پاش تێپەربوونی سەدەیەك تەنانەت بۆ بەدەستهێنانی هەرڕادەیەك لەمافی مرۆڤ ئەو چوارچێوەیەش پاشەکشەی پێ کراوەو ئەمرۆ لە کلاوڕۆژنەی دوورونزیکی لەخوداو ئاین وقەوم میللەیەت و داب ونەریت و فەرهەنگەوە پیناسە دەکرێت و مافی مرۆڤ کراوەتە هەقی پێکەوە ژیانی ئاشتی یانەی دینەتەکان وڕێز دانان بۆ کۆنەپەرستی وبەرز ڕاگرتنی سیاسەتی نسبیەتی فەرهەنگی ودابەشکردنی ئینسانەکان بەسەر شعبەی ئاینی و قەومی لەژێر ناوی دیمکراسیدا ، وە هەڵویستی لەگەڵ سیاسەتەکانی وولاَتانی ئەورووپا و ئەمریکا بە تەواوی جووت کردوە. کەدیارە ئەو مافە ئەگەر بەهەرشتێ ئاشنابێ ئەوا بە مافەکانی مرۆڤ نامۆیە !

ئەمڕۆ دەبینین کەچۆن لەهەزارەی سێهەمدا نائارامی وناعەدەلەتیەکی گەورە تەنگی بەژیانی مرۆڤایەتی هەڵچنیووە ، بەجۆرێك کە تراژیدیاو بێ مافەکانی ئینسان لە جیهانی ئەمڕۆدا نەك هەر واقعیەتی ژیانێکی تاڵ دەسەلمێنن بەڵکو هەست بە فاسیلەو جیاوازیەکی گەورە دەکەین لەنێوان جارنامەی مافی مرۆڤ و بێ مافەیەکانی ژیانی ئەمرۆمان . هەر بۆیە سیمای تاریکی ژیانی مرۆڤایەتی لەم قوناغەی ژیاندا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کەوا قسەکردن لەمافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مۆرڤایەتی ئەمرۆدا دەبێ بەپێ ی ستانداری ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی بێت لەهەزارەی سیهەمدا .

پەرەسەندنی تراژیدیاو کوشتارگەکانی ئەمرۆ لەسایەی دەسەلاَتی حکومەتی ئەمەریکا و نەزمە جیهانیە نوێ کەیدا ، بۆ ئەم مەبەستە بێ باکە لەخۆین هەڵکیشانی جەستەی ملیونەها ئینسان لە ئەفغانستان وعێراق وسۆمال... و هەروەها ناچارکردنی دەیان ملیون ئینسانی تر کە تازە بەشێك لەهەمان ئەو ئینسانانەی کەبەهۆی ئەم شەڕو کوشتارو سیناریۆ ڕەشانەوە ئاوارە بوون ئەگەر بەقیمەتی گیان لەدەستدان هەزاران ئینسانی هاوچارەنووسیان لە دەریاو رووبارەو شاحینەکاندا گەشتبنە یەکێك لە وولاَتانی ئەورووپا ، ئەوا هەر ئەمرۆ دەبینین ودەبیستین کە چۆن دەیان هەزار ئینسانیان لەمافە سەرەتایەکانی کارکردن و خوێندن و فێربوون وبارهێنان بێ بەش دەکرێن و دەبینین کە چۆن ئەمرۆ هەزاران ئینسان ڕۆژگارەکانی هەڕەتی لاویەتیان لە گرتووخانەوە زیندانەکانی ئەم وولاَتە "دیموکراتی وئینسان دۆستانە" بەسەردەبەن بە تاوانی خوازیاری مافی پەنابەر بوون و خەبەرێك لەمافی مرۆڤ نی یە !

بۆیە ئێمە وەك فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ هەڵویستەکردن سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ کە بە یەکیك لەبنچینەوە پرانسیپ وئامانجەکانی خۆمان دەزانین پێمان وایە لەکاتێکدا کەسەدان ملیون ئینسان هەژاری ،بیکاری، بێ جێگا ولانەیە، لە نائەمنی ئابوری سیاسی وگەندەڵی وسەرکوت وچەوسانەوەو ئاوارەی و خرافەو دواکەوتووی بەرۆکی پێ گرتوون و ڕێگە بەگەشەسەندنی خەلاقیەت و توانایەکانیان گیراوە ،لەکاتێکدا کە زۆربەی بەشەریەت لە سەروەت وسامانی مادی و معنەوی کۆمەڵگا بەکردەوە بێ بەشکراوە، ناتوانرێ خەبەریك لە مافە ئینسانیەکانمان لەگۆڕدابێ، بۆیە پێویستە مافە جیهانگیریەکانی ئینسان سەقامگیربێ وبەدەستەوە بگیرێت لەسەر بنچینەی ئازادی ویەکسانی واقعی ئینسان بنیادنرابێت بە شێوەیەك کە بتوانێ ریزو و حومەرت و بەهای ئینسانیمان بپارێزێت .

**سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی**

2007-12-12


**IFIR:PO.BOX1575,ILFOD, IG1 3BZ, LONDON UK Tel:0044 7856032991**

**00447895636633,0041787557786,004799387599,003584404464905**

ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com www.csdiraq.com

**www.federation.org**